# عەرعەرێك لەدڵمایە

**نەبەز گۆران**



باخەكەمان گەڵاَ ئەگرێت و
دڵی منیش تۆ

شنە شنی چنارێك لەسەر  تاقی بەهار
لەنگەری هەتاو لەسەر لێواری بەیانی
زرنگەی پیاڵەیەك بەدەست لارولەنجەی خوشكەكانمەوە
هەناسەی پاكی فەقێیەك لەفەزای منارەی خانەقایەكەوە
كەوتنی ئێوارە بەسەرشانی گردێكەوە
خەوی قوڵی من بۆئەو پەڕی فڕین

مانگ لەبەردەم هەیوانەكەمانا ڕوناكی ئەگرێت و
دڵی منیش تۆ

هەواو هەوەسی كراسی ژنێك لەبەردەم پێكەنینی _ با _دا
ئەگەری هەڵكردنی بەهار لەخەیاڵی پەلكە گیایەكا
تەماشاكردنی بەردێك لەچەمێكی تووشدا شەلاَڵ لەقەوزەی سەوز
ڕاكشانی سێبەری كەپرێ بەسەر میوانێكی ناوەختا

گوندەكەمان سێبەر ئەگرێت و
دڵی منیش تۆ

پیاوچاكەكان بانگی حەق ئەكەن و
دڵی منیش بانگی تۆ

كۆڵاَنەكەمان بەحەسرەتە بۆیاری و
دڵی منیش بەحەسرەتی تۆ

کزەی ناوەختی پێگەینی توترك لەسەر تولە ڕێیەك
حەسودی بێشکە بۆخەوی منالی
لێهاتووی سنەوربەر دەرهەق بەوەرزەکان
بۆنی خۆشی مشتێك خۆڵی دوای نمێك باران

مەیگەدەکان تامی مەی ئەکەن و
دڵی منیش تۆ

شاعیرەکان مەست بوون ئەخۆنەوەو
دڵی منیش تۆ

کۆترەکان بەسەر پاساری زەمەنەوە گمەیان دێت لەفڕین
جێپێی بەرخەکان دەچێتەوە ئەو پەڕی باخ
هەوەسی لێو بۆتامکردنی ترێیەکی ڕەش
بانگکردنی ناوی دایکم بەئاسانی
بۆنی نزیکی شوانەکان لەداربەڕوییەك
دانیشتن لەسەر حەسیرێکی نمدار
چاخواردنی دەمەو عەسران، بۆنی تەڕبوونی زەوی
چاوەڕوانی هاتنی غەریبەیەك بۆگوند،
دەنگی سیسرگێك لەسوچێکی تاریکا
بازدان بەسەر جۆگەیەکا، شکانی لقێك بەشەقەی باڵی _با_
دابەشبوونی شوعلەی چرایەك لەودیوی پەرژینەوە

شەوانە ئاسمانی گوندەکەمان شەلاڵە لە ئەستێرە و
دڵی منیش لە تۆ

یانی من ئاوازی دیوانەکان بۆخۆم ئەڵێمەوە

یانی من گۆرانی کچەکان بۆخۆم ئەڵێمەوە
یانی من بێتاقەتی گەنجیەتیم بۆخۆم ئەڵێمەوە

زاهیدەکان خودا ئەخوێننەوە و
دڵی منیش تۆ

جەژنی هەرمێ و هەنجیر لەگەرمای هاوینا
تورە بوونی هەنارلەدرەنگ کەوتنی ئاو
تێگەیشتنی پایز لەدەمارەکانی گەڵایەکا
خۆشتر لەتامی ئاو خەوتنی بەرهەیوان
خۆشتر لەوەرزی بەهار دەنگی دایکم
خۆشتر لە فڕین بۆنی ئاوپرژێنی بەردەرگا

با دڵی لقەکان ئەداتەوەو
دڵی منیش تۆ

باوەشێك هەور بەسەر کەمەری کێوێکەوە
کەوتنی ئاوازێك بەسەر دنوکی کەوێکەوە
فڕێنی کوللەیەك لەحەشمەت چۆلەکەیەك
ڕاکشانی گیا لەژێر نازی جێپێی ئەسپێك
سیس بوونی سێپەرە بەدیار چاوەڕوانی هاتنی _گا_یەك
هیلاك بوونی هێشوەترێك بەدەست پۆلێ زەردەواڵەوە
شۆڕبونەوەی هەنجیرێك لەکاتی تێربوونا
دەرکەوتنی عەورەتی هەنار لەکاتی قڵیشانا

شوانەکان شمشاڵ ئەژەنن و
دڵی منیش تۆ

دەست هێنان بەشانوملی پەڵەیەك گەنما
خۆشاردنەوە لەداخی مێشولەیەکی عەجول

هەوەسی شۆڕەبی بۆ سەر گەردنی گۆماوێکی تەڕ

تێپەڕینی وەرزەکان بەنێو پەنجەی لقێکا

گەڕانەوەی هاوین لەکاتی تینویەتیا

شەڕی دوو چۆلەکەی بەرهەیوان و خەبەری هاتنی میوانێك

دڵخۆشی باخەوانێك لەبەردەم بارانا

رەق بوونەوەی تۆپەڵێك چنور لەژێر دەواری بەفرا

ئاو لەڕۆیشتنی خۆی تێرنابێت و

دڵی منیش لەدیداری تۆ

تەماشاکردنی دڵی سپیی زستان

حەپەسان بەدیار میهرەبانی گوڵی سەرکراسەکانی دایکم

لاکردنەوەی گەڵایەك لەوپەڕی کۆڵانی باخەوە

ڕوتانەوەی سەری درەختێك بەدەستی پایز

گوڵەبەڕۆژەکان ڕوو لەهەتاو دەکەن و

دڵی منیش ڕوو لەتۆ

بەیانیان بەچۆلەکە تازە دەبێتەوەو

دڵی منیش بەتۆ

تۆ لەدڵی منا بەوێنەی بازێك

لەفڕینای

تۆلەدڵی مناچەشنی میتاڵێك

زڕەنگەت دێ

تۆلەدڵی منا سەوڵ لێدەدەی

تەمەنم تەنیایی تێیا تێئەپەڕێ و

دڵیشم تۆ

گوندەکەمان کەوتوەتە لای سەرینی خواوە
تۆش کەوتویتە بان سەرینی دڵم

سەرنجدان لەکچی باخەوانێك لەکاتی چنینی توودا
هەستانەوەی پۆلێك پۆڕ لەوەختی تەشریف هێنانی دەنگا
خۆشاردنەوەی " گوارێك" لەترسی سێبەری مامم
خۆپیشاندانی پوشکەبەقنگەکان لەسەر چڵێکی وشك
پێبشڕکێی بۆقەکان لەمپەڕی جۆگەکەوە بۆئەوپەڕ

گوندەکەمان بەچەمۆڵەیەك هەتاوقایلە و
دڵی منیش بەپێکەنینی تۆ

گوندەکەمان ڕەچەڵەکی ئەچێتەوە سەر باخێکی فێنك
گوندەکەمان ، هەوای پاکی باخچە ئەداتە ترپەی دڵ
باوەشێك وەرزە گوندەکەمان
وای لەگوندەکام چەند بۆنی خۆشەو چەند لەخەونەکانی منەوە نزیکە
لەگوندەکەی ئێمە
سەبای ساڵحان لەجۆگەیەکا مراوی پەروباڵی وەرزێك ئەشوا
پاساری ئاوازی بەخەبەربوون ئەدا
بەگوێی مناڵانا
فێنکی ژیان لەسەر قولەی دارچنارێکەوە بەرئەبێتەوە بۆحەوزەکەی بەرهەیوان

ئێواران لەگەندەکەمانا ڕوناکی ئاوائەبێ و
لەدڵی منیشدا تۆ هەڵدێی

من بەئەسڵ گوندیم
من بەگیانم، بەدڵم، گوندیم
من زۆرکەیفم بەگوندەکەمان دێت
زمانی من بەرانبەر منارەی خانەقایەك پژا
دڵیشم لەسەر تاڵێك لەپرچەکانی تۆ

تاقی ماڵەباپیرانم

پڕە لە کتێبی شەهامەت ، لە دیوانی خانەدانی

لە حورمەتی شاعیرانە

لەسەر تاقی دڵیشم پڕە لەئارەزوی شاهانە بۆتۆ

هێشتا باپیرم مابوو

دایکم لەسەر بەرماڵی دوعاکانی نزای بۆ کورد ئەکرد

دڵیشم بۆتۆ

باوکم مشتێك غەریبی بوو بەکێوانەوە

هەموو دراوسێکانیشمان باخەوانن

دڵی منیش دیوانە بۆتۆ

ماڵەکەی ئێمە کەوتوەتە گەرەکی دارتوەکانەوە

دڵیشم لای هەناسەی تۆوەیە

لەپشت دار هەرمێ عەیارەکانەوە بڕۆ

بەلای حەوزە تەڕەکەی دڵماسەرکەوە

دەگەیتە شیرینی زمانی ماڵمان

دڵیشم پرە لەغوربەتی تۆ

ماڵی ئێمە زۆر گوندین

ماڵی ئێمە نیوەڕۆیان لەسەر سەکۆی بەرهەیوان

ژاوەژاوی منالْ دێت، ژاوەژاوی وشەی تەڕی خانەوادەیی دێت،

قاڵەقاڵی پێکەوە بوون دێت

هەمیشە خەمی دۆستانی غەریبی لایەکی دڵی ماڵەکەی ئێمەی تەنیوە.

خوشکەکانم، بەگوندەکەمان ئەڵێن ئاو

دڵی منیش بەتۆ دەڵێت قیبلە

براکانم، بەشار ئەڵێن، دووری

دڵی منیش بەتۆئەڵێت سەعادەت

دایکیشم، لەهەرشوێنێك بێت خوای لەبیرە

ماڵی ئێمە خانەخوێی غەریبانەو
دڵیشم خانەخوێی تۆ

مامم شێتی کێوانە
مامم شەوان لە " داڵەهۆ " ڕوناکی ئەکرێت
هەمیشە لەقەفەزەکانیان، دەنگی کەو دێت، ئاوازی کێوان دێت
مامم کەلارولەنجەی ژنێك ئەبینێ ئەڵێت" تەحا لەکەو ئەچێ"
مامم ناچێت بۆبەهەشت
مامم پەنجەکانی پڕاون لەخوێنی بزنەکێوییەکان
مامم دەستەکانی پڕن لە حەقیقەتی کوشتنی پۆڕەکان
مامم راوچییە
مامم گەریدەی کێوانەو
دڵی منیش گەریدەی تۆ

گوندەکەی ئێمە باوەشێك سێبەرە
دڵی منیش سەرشار لە تۆ

جاران کەجۆگەیەك هەڵی ئەکرد
مناڵی پرئەبوو لەشادی
ئەکەویتینە شوێن گەڵاکان تا ئەو پەری تەڕ بوون
لەناو زیخەڵانی جۆگەیەکا بەشوێین سەرە میکوتەیەکا ئەگەڕاین
بۆهاوڕێیەتی
لەناو دڵیشما بەشوێن خانەقایەکائەگەڕام بۆزیکری تۆ
تا دەنگی دایکم دەهات ژیان ئەگەیشتە چۆکی مناڵیمان
لەناو جۆگە ئاوەکانا دنیایەك پاکی هەبوو
لەناو دڵی گەنجیەتیشما گۆرانیەك هەیە بۆ تۆ

جاران ورتە ورتی دوو گەڵاڵەحەوزێکدا فەزای قەرەباڵغ ئەکرد
ئێستا تەنیایی من بەشی هیچ ناکا
جاران تەجەلابوونی فەقەیەك نووری ئەدایە رۆح

ئێستا غەریبی تۆ قلێشانی رۆحە

من خەیاڵی خۆم رائەگرم تائەگەمە تامی دێوانەیی
من خۆم ئەگرم تانەبمە شاعیر
جاران بە فەقێکانم ئەوت زانست
دڵیشم بەتۆ ئەڵێت مانگ

دەروێشەکان زیکری تەجەلابون دەکەن و
دڵی منیش زیکری تۆ
باڵندە فڕین ئەخاتە فەزاوەو
دڵی منیش تۆ

دەچم گەورەیم بشۆم
دەچم سادەیم بهێنمەوە
دەچم لەحەوزەکەی لای ماڵی شێخ
سەری سپیم تەڕکەم بە یادی تۆوە
دەچم کتێبەکان کۆئەکەمەوەو جۆگەیەك ئاو هەڵئەکەم
دەچم لەبری ژن لەژێر سێبەری دارسێوێکا دائەنیشم
دەچم بۆسەر کێوەکان تێر تەماشای بەفردەکەم
دەچم تامی ڕێواس ئەکەم ، تامی دڵ ئەکەم

ئەنکم بەتەزبیحەکانی لەخودا نزیك ئەبێتەوەو
دڵی منیش لەتۆ
هاورێکانم دڵیان بۆغەریبی ئەسوتێ و
دڵی منیش بۆتۆ

چەن خودا لەگوندەکەمانەوە نزیکە
دڵی منیش هێندە لەتۆ
چەنداربەڕوو دۆستی گوندەکەمانە
دڵی منیش هێندە لەتۆ

من ووتم:

گوندەکەمان وەك بارینی باران نەرمە

دڵیشم چەترێکە بۆتۆ

من ووتم:

لەناو دەریاکاندا بێدەنگی هەیە

لەناو دڵیشما تۆ

من ووتم:

سێبەر یانی ژن

تۆش یانی دڵم

من ووتم:

دەستەکانت جوانن

یانی ژیان زەینی سەفەرە لەگوندەوە بۆشار

کەچی....

ئەوەتام لێرە

خەریکی بژاری تەنیایم

لەکۆڵانێکی بێدرەختا، لەماڵێکی نزیك لە پیری

دوور لەگوندەکەمان مەستم وەك عارفێك

دێوانەم وەك سەوزە فرۆشێك

تەنیام وەك پەرەسێلکەیەك

شارەکان تەنیایی ئەبەخشنەو

دڵی منیش تۆ

هەولێر: وەرزی بەهار وهاوین 2008